# نازانین بلێن قەیرانە، برانە، نەمانە چیە؟!

دیاکۆ دوست پێندار

سەردەمێکە حیزبەکانمان لە رووی پراکتیکیەوە بە راستی مردوون، ئەممان نەهامەتی لەوێوەرا رووی خۆی ئاشکرا دەکات کە تیۆری و قسەشیان نیە. تەنها پاڵیان بەوە بەستوە جاروبار لە رێ و رەسمێکدا باسی کۆماری ئیسلامی بکەن و کردەوەکانی پێشووی ئیدانانە بکەن رەنگە بەلاییانەوە زۆریش بێ!

زۆر جار شوێن و زەمەن وامان لێ دەکات کە وەڵامی گوللة بە گوللة بدەینەوە نە بەبێدەنگی، وەک باسمکرد نەک بەرسڤێکی هاوچەشنی دوژمنانیانیە(گوللة لەبەرامبەر گوللة) بەڵکو بە زۆری بێ دەنگی هەڵویستی بەدەوامی ئەوانە.

خۆ بەکەم زانین وپشتبەستن بە هێزی دەرەکی دەردی بێ دەرمانی حیزبەکانمانە، بەکەمێک سەرنج و وردبوونەوە ئاشکرایە لەم رووەشەوە منیش تۆزێک لەسەری دەدوێم.

هەرجار و دێ جۆرج بووش و وڵاتانی رۆژئاوایی گوشار دەخەنە سەر کۆماری ئیسلامی و وتەیەکی نوێ دژی ئەو رژێم پێشکەش دەکەن دیپلۆماسی و راگەیاندنی تیکرای و بێ ناوەرۆکی حیزبەکان کە هۆی نەبوونی بەرنامە و هیچ نەبێ لادان لە رێبازە، وەک رۆژەڤێکی باش ماوەیەکی نە زۆر درێژ وتەکانی جۆرج بووش و گوشار خستەسەرەکان لە سایت و رۆژنامە و کەنالەکانی تەلەفزیۆنیان دا هەر باس دەکەن وهەر باس دەکەن. جا وەک دەزانین گوشاری رۆژئاوا هیور و بەدەوام نیە بەڵکو زەربەتی و چەکوشیە واتە پچرپچرە و هەر چەند رۆژ جارێک ددانی لە کۆماری ئیسلامی جێردەکاتەوە و بەهەمان شێوە کۆماری ئیسلامیش بێ ددانیش بەرپەرچ دەداتەوە. لەم نێوەش دا و لەپرێک دا راگەیاندنەکان و کاروباری حیزبەکان دەگەرێتەوە سەر رێبازی پێشووی خۆی واتە کەنالێکی ئاسمانی و سایت و رۆژنامەیەکی بە نیسبەت دوژمنەوە مردوو.

تا ئەو شوێنە من ئاگادارم شەهید شوانەسەیدقادری کاتی خۆی ویست بووی بچێتە ناو رێزەکانی حیزبی دیموکراتی بەڵام قەبووڵیان نەکردبوو و بەناچار گەرابووە بۆ ناوخۆ، پاش ماوەیەک کە شەهیدکرا حیزبەکان هاتن و مانۆریان لەسەری دا و هەر یەک بۆلای خۆی دەیەویست ئەم هەلە بقۆزێتەوە و هەرکام بە ئەندامی ناوخۆی خۆیانیان دەدا لە قەڵەم.

من وەک خۆم ئە مافەیان پێ رەوا دەزانم، ئەی کاکە ئەوەش نەکەن چیبکەن؟ وێدەچی دەسەڵاتی هیچیان نەماوە، بەبروای من هەر دووسال ، سێ ساڵ جارێکیش وا بکەن هەرباشە! ، لانی کەم دەزانن کەبەراستی نەمردوون، لەهیچ باشترە وانیە؟

وەک شێر و بەور کە بەتەمای نێچیرەوە کەمین دەکەن تا بێتەبەردەستیان کەمین دەکەن. رادەوەستن تا حوکمی کۆتایی رۆژنامەوانێک، چالاکڤانێکی بواری ژنان یا چالاکوانێکی سیاسی لەلایەن دادگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە سەریان دا بسەپێ ، جا ئەیکەنە خۆراکی پروپاگەندەی رادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیان.

وای لێ دەێ کەس نازانی عەدنان حەسنپور، هیوا بوتیمار، ئیسماییل سەرچەمی، محەممەدی شەهبازی و بەدەیان کەسی دیکە ئەندامی کام حیزب بوون! ئایا وەک خۆیان دەڵێن سەربەخۆ بوون یا هاوکات ئەندامی سێ چوار حیزب بوون؟!

نازانم وا دەیانەوێ بڵێن تووشی قەیران نەهاتووین و هێشتا لە رووی سیاسیەوە زیندووین یا نا مەبەستی رووکەشی وان ئەوەیە؟ ئیتر نازانن بەو کارەی ئەوان گیانی ئەو هەموو چالاکڤانی سەربەخۆیە دەکەوێتە مەترسییەوە.

وای لێهاتووە حیزبەکان بە پێکهاتەیەکی سیاسی(بەڵام نامەوزون) دەنگ و سکاڵایان ناگاتە هیچ کوێ بەڵام کەسانی سەربەخۆی ناوخۆ دەگاتە رێکخراوەگەلی نێونەتەوەیی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و شتی وا.

تو خوا با کەمێک ورد بینەوە؟